# بەشی پزیشك و خۆچارەكردن لە نەخۆشی
# (الطِّبّ وَ التَّدَوِاي)

**دەرمان وەرگرتن و هەوڵدان بۆ خۆچارەكردن لەنەخۆشی پێویستە (□□□) وەحەرامیشە ئەگەر بەشتی حەرام (□□□)**

(444) لەبەر فەرموودەكەی (جَابِرُ بنُ عَبْدالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**لِكُلِّ دَاءٍ دَوَاءٌ فَإِذَا أُصِيْبَ دَوَاءُ الدَّاءَ بَرِيءَ بِإِذْنِ اللهِ**)) واتە : بۆ هەموو نەخۆشییەك دەرمانێك هەیە جا ئەگەر دەرمانەكە بەری نەخۆشییەكە بكەوێت ئەوە چاك دەبێتەوە بەویستی خوا . [رواه مسلم (2204/1729/4) وغيره وأخرج ما بمعناه البخاري (10/رقم/5678) عن ابي هريرة] .

وەلەبەر فەرموودەكەی (أُسَامَةُ بنُ زَيْدٍ) یش (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : دەشتەكی (إعْرَاب)یەكان بەپێغەمبەری خوایان (ﷺ) ووت : ئەی پێغەمبەری خوا ئایە خۆمان چارە سەر نەكەین ؟ فەرمووی : ((**نَعَمْ ، عِبَادَ الله تَدَاوَوا فَإِنَّ اللهَ لَمْ يَضَعْ دَاءً إلاَّوَضَعَ لَهُ شِفَاءً إلاَّ دَاءً وَاحِداً**)) واتە : بەڵێ ، بەندەكانی خوا خۆتان چارەسەر بكەن چونكە خوای گەورە هیچ نەخۆشییەكی دانەناوە ئیلا چارەسەریشی بۆ داناوە ، جگە لەیەك نەخۆشی ، ووتیان : ئەوە چیە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ فەرمووی : ((الهَرَمْ)) واتە : پیربوون [رواه ابو داود(3 /رقم/3855) والترمذي (2038/383/4) وابن ماجه (3436/1137/2) وهو صحيح بروانه السلسلة الصحيحة (433) وصحيح ابن ماجة (2772)] .

(445) لەبەر فەرموودەكەی (أَبُو دَرْدَاء) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**إنَّ اللهَ أَنْزَلَ الدَّاءَ وَالدَّوَاءَ وَجَعَلَ لِكُلِّ دَاءٍ دَوَاءً فَتَدَاوَوا ، وَلاَ تَدَاوَوا بِحَرَامٍ**)) واتە: بەڕاستی خوای گەورە نەخۆشی و چارەسەركردنیشی دابەزاندوە ، وەبۆ هەموو نەخۆشییەك چارەیەكی داناوە ، جا خۆتان چارەسەر بكەن ، وەخۆتان

وەباشیش نىيە بەداخ كردن بكرێت (□□□)

بەشتی حەرام چارەسەر مەكەن .[رواه ابو داود (4/رقم/3874) وهو حديث حسن بشواهده بروانه تخريج جامع الأصول (512/7) لعبد القادر الأرناؤوط التعليقة (1)].

وەفەرموودەكەی (إبْنُ مَسْعُود) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إنَّ اللهَ لَمْ يَجْعَلْ شِفَاؤُكُمْ فِي مَاحَرَّمَ عَلَيْكُمْ)) واتە : بەڕاستی خوای گەورە چارە سەرتانی لەوەدا دانەناوە كە لەسەر تان حەرامی كردوە . [رواه البخاري معلقا (78/9) ووصله ابن حجر في الفتح الباري (79/9)] .

وە فەرموودەكەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەفەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی كردوە لەچارە سەرە پیسەكە ((الدَّوَاءُ الخَبِيْثِ)) [رواه احمد (305/2) وأبو داود (4/رقم 3870) والترمذي (2045/387/4) وابن ماجه (3459/1145/2) وهو حديث صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (2785)] .

(446) لەبەر فەرموودەكەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) ، كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((الشِّفَاءُ فِي ثَلاثَةٍ ، فِي شَرْطَةِ مُحْجِمٍ أَوْ شُرْبَةِ عَسَلٍ أَوْ كَيَّةٍ بِنَارٍ وَأَنْهِي أُمَّتِي عَنِ الكَيِّ)) واتە : شیفاو چارەسەر لەسیان دایە لەت كردنێك و خوێن دەركردن لێی (كەڵەشاخ) ، یان لەخواردنەوەیەكی هەنگوین ، یان لەداخ كردنێك دایە بەئاگر ، وەمن ئوممەتەكەم قەدەغە دەكەم لەداخ كردن . [رواه البخاري (10/رقم5680) وابن ماجه (3491/1155/2)] .

وەلە (لَفَظ) ێكی تردا دەفەرموێ : ((وَمَا أُحِبُّ أَنْ أَكْتَوِي)) واتە : وەپێم خۆش نىيە داخ بكەم . [رواه البخاري (10رقم/5704)ومسلم (2205/1729/4) من حديث (جابر)].

وەلەفەرموودەكەی (أَنَس) دا هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) داخی (سَعْدُ بنُ زُرَارَة) ی كرد لەدڕكێك [ رواه الترمذی (2050/390/4) وهو حديث صحيح بروانه صحيح الترمذی (صحيح ابن ماجه (2814) ] .

وەچەند فەرموودەیەكی تریشمان هەیە كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی بۆ هاوەڵانی داخی كردوە بڕوانە [صحيح ابن ماجه رقم(2816،2815)] .

**بەڵام چارەسەركردن دروستە بەكەڵە شاخ كردن (447) وە هەروەها بەئایەتی قورئان (448)**

---

كەوا بوو ئەو قەدەغەكردنەی فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس ) بۆ (كَرَاهَـة)ە ، چونكە سزا دانە بە ئاگر ، وە بۆ كەسیش نىیە سزا بدات بەئاگر تەنها پەروەردگاری ئاگر نەبێت .

(447) لەبەر فەرموودەكەی (إبنُ عَبَّاس) و (جَابِر) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ446) وەلە بەر فەرموودەكەی (أَنَـس) (خـوای لێ ڕازی بێـت) كـەوا فـەرمووی :((پێغەمبەری خوا (ﷺ) كەڵە شاخی دەكرد لەسەر دوو ڕەگەكەی بنار مل وە لەسەر نێو شان ، وەلەڕۆژانی حەڤدە(17) و نۆزدە(19) و بیست و یەك(21) دا كەڵەشاخی دەكرد)) [رواه ابو داود (4/رقم/3760) والترمذي (3051/390/4) وابن ماجه (3483/1152/2) وهو حديث صحيح بروانە السلسلة الصحيحة للألباني (908) وصحيح ابن ماجه (2805)] .

(448) لەبەر فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيد) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەنای دەگرتە خوا لەچاوی جنۆكەو چاوی مرۆڤیش ، جا كە (المعوذتان) دابەزی دەستی بەخوێندنی كرد و وازی لەهەموو شتێكیتر هێنا)) [رواه الترمذي رقم (2150) وابن ماجه رقم (3511) وهو صحيح بروانە صحيح الترمذي (1681) وصحيح ابن ماجه (2830) ومشكاة المصابيح تخريج الالبانى (4563) ]. (معوذتان):سورەتی (الفلق) وسورەتی(الناس)ە .

وەقورئان هەمووی شیفایە وەك لەسورەتی (الإسراء :82) دا كەدەفەرموێ : ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ القُرآنِ مَاهُوَ شِفاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلمُؤْمِنِيْنَ﴾ واتە : وەلەم قورئانەدا دادەبەزێنین ئەوەی كەشیفا و ڕەحمەتە بۆ باوەڕداران . بەڵام چەند سورەت و ئایەتێك هەیە كەوا زیاتر جەخت كراوە لەسەری وەك سورەتی (الفاتحة) وە سورەتی (البقرة) بەگشتی وە بەتایبەتی ئەم ئایەتانەی (1-4) ، (163-164) ، (255-257) ، (284-286) (وآل عمران) ئایەتی (115-118) وەسورەتی (الجن) هەمووی و (الصافات) ئایەتی (1-10) و (الحشر) ئایەتی (21-24) و (الرحمن) ئایەتی (31-34) و (القلم) ئایەتی (51-52) وەسورەتی (الإخْلاص) و (الفَلَق) و (النَّاس) .

**وە بەدوعای شەر عیش (448) وە باش نییە زۆر كردن لەنەخۆش بۆ ئەوەی خواردن بخوات (449)**

---

(449) ئیتر ئەو دوعایە خوای گەورە لەقورئاندا فێری كردبێن یان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسوننەت دا یان هاوەڵەكان و شوێن كەوتوان و پێشینە پیاو چاكەكانی ئوممەت (السَّلَفُ الصَّالِح) كردبێتیان ، یان هەر دوعایەك بێت بەلام (شِرْك)ی تێدا نەبێت ، وەدوعای ئایەتمان زۆرە لە قورئان دا وە لەفەرموودە (صحیح)ە كانی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) ، وەپێغەمبەری خوا زۆر دوعای فێر كردوین لەوانە زیكرەكانی بەیانیان و ئێواران و نوێژو دەست نوێژو مزگەوت و خواردن و خواردنەوەو لەماڵ دەرچوون و گەڕانەوەو سەفەر كردن خەوتن و هەڵسان لەخەو و ... هتد . [ بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە نامیلكەی (حِصنُ المُسلِم) و (صحیحُ كَلِم الطَّیِّبِ) ] ، وە (عَوفُ بنُ مَالِك) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێ : لەكاتی نەفامیدا – پێش ئیسلام (رُقْیَة) مان دەكرد ، جا ووتمان : ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە چۆن دەبینی؟ ئەویش فەرمووی : ((**أَعْرِضُوا عَلَيَّ رُقَاكُمْ ، لاَبَأسَ بِالرُّقَى مَالَمْ يَكُنْ فِيْهِ شِرْكٌ**)) . واتە : (رُقْیَە) كانتانم بە سەردا بخوێننەوە ، هیچ خراپەیەك لە (رُقْیَە)دا نییە ، ئەگەر شیركی تێدا نەبێت [رواه مسلم (2200/1727/4) وابو داود (3/رقم/3886)] .

وەفەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر كەسێك لەكەس و كاری نەخۆش بكەوتایە ، ئەوە فووی پێدا دەكرد بە (مَعُوذَات) جا كەخۆی نەخۆش كەوت ، ئەو نەخۆشییەی كەتێیدا وەفاتی كرد ، من فووم بە سەری دا دەكرد و بەدەستی خۆی مەسحم پێ دەكرد ، چونكە دەستی خۆی لەدەستی من پیرۆزترە [رواه البخاری (10/رقم/5748) ومسلم رقم (2192) وە فەرموودەی تر لەم بارەیەوە زۆرە] .

(مَعُوذَات): سورەتی(الإخلاص)و(الفلق)و(الناس)ە .

**وەلەقورئان و فەرموودەی ڕاست دا ئاماژە بۆ زۆر چارەسەر کراوە .** (451)

---

(450) لەبەر فەرموودەکەی (عُقْبَةُ بنُ عَامِرِ الجُهَيْنِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**لاتُكْرِهُوا مَرْضَاكُمْ عَلَى الطَّعَامِ فَإنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى يُطْعِمُهُمْ وَ يُسْقِيْهِم**)) واتە : زۆر لەنەخۆشەکانتان مەکەن لەسەر نان خواردن ، چونکە خوای گەورە خۆی تێریان دەکات و تینوێتیان دەشکێنێت [رواه الترمذي (رقم (2128)) وابن ماجه رقم (3444) وهو صحيح بروانه السلسلة الصحيحة (727) وصحيح الترمذي (1661) وصحيح ابن ماجه (2777)] .

(451) دەتوانیت تەماشای نامیلکەی (عِلاجُ الأمْرَاضِ بِالقُرْآنِ وَ السُّنَّةِ)ی (عبدالمجيد بن عبدالعزيز الزّحام) بکەیت وە هەروەها تەماشای (صحيح البُخاری / كتاب الطب) و (صحيح مُسلم) و (سُنن أبى داود/ كتاب الطب) و (سُنن الترمذي /أبواب الطب) و (سُنن إبنُ ماجه / كتاب الطب) و (سُنن النّسائي) وە (سُنن) و (مسانيد) و (مُصنّفات) ی تری زانا پایە بەرزەکانی ئیسلام بکەین .

لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێبوونەوەی ئیمان

imanonekurd@yahoo.com